# شەونم

هۆنراوەی (59)

خیز و در کاسه زر آب طربناک انداز

هەستە لەو کاسە تەڵایەی کە لە ئاوی بەری تاک
پێش ئەوەی پێشەی سەر بێ بە گڵین کاسەی خاک
ماڵی دوا رۆژەکەمان چۆڵگەیی بێ دەنگانە
تۆ هەرئێستاکە هەرا وەرکە بە گوێچکەی ئەفلاک
لایقی دیتنی جانانی نیە چاوی چنۆک
وەرە بڕوانە بە دیدە و دڵی پاک و رووناک
مەکە ناز و وەرە سەر قەبرم و سایەم بخە سەر
تۆسەری خۆت قەسەم ئەی سەرو! دەمێ دەبمەوە خاک
دڵەکەی ئێمە کە ماری سەری زولفت گەستی
بۆ شیفاخانەی لێوی بەرە تا نەبوە هیلاک
مڵکی دنیایە دەزانی کە بەقایێکی نیە
لە دڵی جامەوە ئاوری دە وەکوو وشکەڵی چاک
بە وتەی عاریفەکان غوسڵی بە فرمێسکم کرد
کە دەڵێن پاکەوەبە ئەودەمی بڕوانە لە پاک
تار و لێلی کە خودایە وەکوو ئاوێنە بە ئاخ
زەینی ئەو زاهیدی خۆبین و عەیبگر زگماک
یەخە دابدڕە لە بۆی ئەو گوڵە وەک گوڵ حافز
بیخە سەر ڕێی قەدەمی ئەو قەد و باڵای چالاک

حافزی حەقیقی